www.kurdistannet.org
1-3-2007 23:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پیاوی گەورە بەجنێوی جنێوفرۆشان، بچوک ناکرێتەوە ... ڕاستی ئەحمەد

ماوەیەکە هەندێك جنێو فرۆش لە سایت و ڕۆژنامە ڕەشەکان بەکەیفی خۆیان دەستیان کردوە بەجنێودان و بوختان هەڵبەستن بە بەڕێز سەرۆ قادری نووسەر و ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیدی ئەوان مێگەلێکی بێسەرو بەریان لێ دروست بووە و بەکەیفی خۆیان ئەو قسانەی بەڕێز سەرۆ قادر لە کۆڕێکدا پێشکەشی کرد لە ئوتێل هەورامان، لەسەر داخوازی ڕێکخراوی گەشەپێدانی دیموکراسی، بە ناوی شەفافیەت بوو لە نێوان خەڵك و حکومەتی کوردستان، من خۆم یەکێك بووم لە ئامادەبووانی کۆڕەکە بۆیە باش دەزانم ئەو شتانەی وتویەتی چی و چی نین. لە ڕاستیدا من لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئامادەبووم و هیچ شێوە جنێوك یاخود توانجێك لەو بەڕێزە یاخود لە قسەکانی ئەو گوێ بیست نەبووم، من ئێستاش نازانم ئەو هەموو جنێوانەی وا ئەو (دڵسۆزانەی میللەت!!!) باسی دەکەن لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟ بێگومان زۆربەمان دەزانین چی لە پشت ئەم ڕەوشە بێ ڕەوشتانەیە، ئەمە تەنانەت لە ساحێبی (کۆمپانیای وشە) دەوەشێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم کۆمپانیا وەهمیە خەونی حوشترێکە نایەتەدی بۆ داگیرسانی شەر و ئاژاوە لە کوردستان.
وەك ڕوون و ئاشکرایە بەرهەمی یەکەمی ئەم زاتە سایکوپاتییە (ئەو نەخۆشیە دەرونیانەیە کەوا ئاڕاستەی تاوانکاری بەخۆوە دەگرێت) چۆنیەتی ڕاهێنانی خەڵکییە بۆ شێواندنی هەموو کەش و هەوایەکی دیموکراسیانە لە کوردستان لە ڕێگەی شکاندنی هەموو حورمەتێکی کەسایەتی پیاوە گەورەکانی وڵاتەکەمان و بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بە پیسترین و دواکەوتووترین شێواز لە جنێودان و توانج ئاسانتر نیە، چونکە ئەمە لاوازترین کەس دەتوانێ بیکات، بەڵام چی لە بیری مێژوو دەمێنێتەوە ئەوانەی لەم سایتی جنێوفرۆش و لەو ڕۆژنامەی بەکێگیراوە جنێو بە سەرۆ قادر دەدەن وەك تەپ و تۆز بە فویەك لە ناو دەچن و لە یادی هیچ کەس نامێنێتەوە بەڵام مێژووی سەرۆ قادر و حزبەکەی هەمیشە دەمێننەوە و وەك قەڵای هەولێرن لە ناو ناچن. ئەمەی من دەیلێم لە بارەی ئەم مرۆڤە هیچ بەرژەوەندیەکی لە دواوە نیە، چونکە من چاك دەیناسم و دەمەوێ قسەی حەق بکەم، چونکە زۆر ناحەقی پوچ بەرامبەری دەکرێ. کە مرۆڤ ناتوانێ لێی بێدەنگ بێت
ئەوەی جێی داخە لەلای من ئەو کەسەی دەستی داوەتە جنێو دان نەبەز گۆران بوو، ئەمەش خۆی و هەموو دەووروبەرەکانی کە لە چەند لات و پوتێکی بەولاوەتر تێناپەڕێ، ڕۆژی کۆڕەکە کاتێك وەك شەقاوە دانیشتبوو بە برادەرێکی خۆی گوتبووی (من هاتوومە کۆڕی سەرۆ قادر تێکبدەم نەهاتووم گوێی لێبگرم) . ئەم کابرایە لە نیوەی کۆڕەکەدا دەستیکرد بەقیژاندنێکی زۆر بێ شەرمانە و دەیویست کۆڕەکە کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام سەرۆ قادر لەگەڵ ئەوەی چەند پاسەوانێکی لەگەڵ دابوو هیچ هەڵوێستێکی ناشارستانیانەی لەگەڵدا نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڕێزەوە پێی گوت دەتوانی تۆ گوێ نەگری کەچی ئەم نەبەزە نەخۆشە زیاتر دەستی کرد بە قسە و دیاربوو لە حاڵەتێکی هێستریدابوو.
من چەند مرۆڤی گەمژەم بینیووە لە ژیاندا، بەڵام هیچ گەمژەیەك تۆزی لەدوا ناکات، لەویش گەمژەتر کابرایەکی دیکە لە (وەڕەقپارەی هاوڵاتی) ئەویش دیارە بەهەمان شێوە لە قاپە بۆگەنەکەی نەبەزی خواردبوو بۆیە بەکەیفی خۆی بەبێ ئەوەی تەئکید بکات لەوەی ئایا سەرۆ قادر بەڕاستی ئەم قسەیەی وتووە یان نا! دەستی کردووە بە ناڕاستی وتن و ئیدی بەم شێوەیە دەڕوات. . . . . . . . . . . . . . . . .
بەڵام بە تەئکید لەکۆتاییدا هەر حەق دەیباتەوە، چونکە نە لەو کۆڕەی باسی لێکراوە نە لەهیچ جێیەکی دیکە سەرۆ بەمیللەتی خۆی جنێو نادات ئەو هەموو تەمەنی پێشمەرگە بووەو ئێستاش هەر پێشمەگەیەکی بە ویژدانەو بەشێکی ئەو پێکهاتەیەیە کە ئەم گەلەی لێپێکهاتووە. بەڵام پێم ناڵێن ئەی بەزیووەکان ئێوە چیتان بۆ ئەم میللەتە کردووە جگە لە فیتنەو ئاژاوەنانەوە و هەر ڕۆژەی لەبەردەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
1-3-2007 23:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سایتێکی دژ بە میللەت و رۆژنامەیەکی روو زەردی وەکو چاودێر و کوردستان پۆست کە لە هەموو کوردستان (500) دانەیان لێ دەفرۆشرێ!!

دەك خەجاڵەت بن وەك بوون!! ئێوەش ئەی رۆژنامەکان ئەو کەسانە شەڕانگێزانەتان پیرۆز بێت. . . . . . . . . . . . . . . . . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.